# چاوەڕوانی چی لە بودجەی 2023ی عێراق بکەین؟

15-12-2022

**نووسەرەکان**

مەحموود بابان

**کورتە :** هەرچەندە سوودانی لەسەرەتای پێکهێنانی حکومەتەوە، گفتی چارەسەرکردنی کێشەکانی داوە، بەڵام پێناچێت ئاراستەکە بەرەو دووبارە ناردنەوەی پشکی بودجەی هەرێمی کوردستان بێت، رەنگە بەغدا بژارەی ناردنی 200 ملیار دیناری مانگانە بۆ هەرێمی کوردستان بە باشتر بزانێت نەوەکو دیاریکردنی پشکی هەرێمی کوردستان

# بەرایی

سەرەڕای داهاتێکی سەروو 90 ملیار دۆلاری ئەویش تەنیا لە نۆمانگدا، عێراق ئەمساڵیشی وەکو ساڵی 2020 بە بێ بودجە بەڕێکرد. ئێستا حکومەت لەسەرووبەندی ئامادەکردنی بودجەی 2023دایە، کە چاوەڕواندەکرێت گەورەترین بودجەی پێشنیازکراو بێت بۆ پەرلەمان لە مێژووی نوێی عێراق، ئەویش بەهۆی دوو هۆکاری سەرەکییەوە: یەدەگی بانکی ناوەندی و نرخی نەوتەوە.

لەڕاستیدا مشتومڕەکانی بودجەی 2023دا لەسەر چەند پرسێکی سەرەکییە وەک: دەستنیشانکردنی نرخی نەوت بۆ هەر بەرمیلێک و بڕی هەناردەی عێراق بۆ ساڵی داهاتوو، پشکی وەزارەتەکان، کوتلە دەسترۆیشتووەکان و خاوەن بەرژەوەندییە گەورەکان و بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان. هەڵبەت زۆرێك لە سەرنجەکان لەسەر ئەوەیە کە داخۆ نرخی دینار بەرامبەر بە دۆلار لە بودجەدا چی لێدێت.

هەرچەندە سوودانی لەسەرەتای پێکهێنانی حکومەتەوە، گفتی چارەسەرکردنی کێشەکانی داوە، بەڵام پێناچێت ئاراستەکە بەرەو دووبارە ناردنەوەی پشکی بودجەی هەرێمی کوردستان بێت، رەنگە بەغدا بڕاەی ناردنی 200 ملیار دیناری مانگانە بۆ هەرێمی کوردستان بە باشتر بزانێت نەوەکو دیاریکردنی پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی 2023دا کە هەولێر رێژەی 17% بەمافی خۆی دەزانێت و بەغداش رێژەی 12% بۆ 14% دادەنێت ئەگەر پەسەندی بکات. هەڵبەت، ناردنی پشکی هەرێمی کوردستان لەدوای 2014وە بووەتە هەژمارکردنی، لێدەرکردنی داهاتی هەرێمی کوردستان لەوەی لە بودجەی عێراق بۆی دیاریدەکرێت و رەنگە ئەمجارەش هەروا بەردەوام بێت.

لێرەدا هەڵوەستەیەک دەکەین لەسەر چاوەڕوانییەکان لە بودجەی 2023ی عێراق لەڕووی، دەستپێشخەرییەکەی وەزارەتی دارایی بۆ شەفافیەت لە بودجە و گەندەڵی، پێشنیازەکەی بانکی جیهانی بۆ عێراق، نرخی نەوت لە بودجە، پشکی هەرێمی کوردستان و چاوەڕوانییەکانی شەقامی عێراقی و کوردی لە پرۆژە بودجەی 2023.

## دەستپێشخەرییەکەی وەزارەتی دارایی بۆ بودجەی 2023 و گەندەڵی لە عێراق

وەزارەتی دارایی لە کابینەکەی محەممەد شیاع سودانی دەستپێشخەرییەکی کردووە و ماڵپەڕێکی بەناونیشانی بودجەیەکی کراوە "الموازنة المفتوحة" داناوە و، ئاماژەی بەوە کردووە کەوا "گرتنەبەری سیستمێکی کراوەی بودجە، بەشداریی هاوڵاتیان لە پرۆسەی دیموکراسی مسۆگەر دەکات. جگە لەقازانجی راستەوخۆ لەرووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و باشترکردنی ئەدای دارایی دەوڵەت بۆ گەیشتن بە "دەستکراوەیی زیاتر و شەفافیەت و کۆنترۆڵی بودجە، دابینکردنی سیستمێکی زانیاری لەسەر بەڕێوەبردنی دارایی و ستراتیژی حکومەت لە تەرخانکردنی سەرچاوەکان و هتد[1]" . لەڕاستیدا وەزارەتی دارایی لە خستنەڕووی ژمارەکان، بەتایبەتیش لەم ساڵانەی دواییدا کێشەیەکی نەبووە، چونکە ئەوەتا مانگ بە مانگ داهات و خەرجییەکانی عێراقی لەساڵێکی بێ بودجەدا تاوەکو کۆتایی مانگی تشرینی یەکەم بڵاوکردووەتەوە[2]، کە کۆی خەرجییەکانی زیاتر لە 79 تریلۆن دینار و داهاتەکەشی 136 تریلۆن دیناری تێپەڕاندووە و هەر بۆ یەکەمجاریش لەم دوو دەیەدا و لە داهات و خەرجی ساڵانەدا، 57 تریلۆن دینار سەررێژی هەبووە(تاوەکو مانگی نۆ). چاوەڕواندەکرێت ئەو بڕە بەهۆی نزیکبوونەوە لە کۆتایی ساڵ زیاتریش بێت. چیرۆکێکی دیکەی رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی گەڕاندنەوەی پارەکانی "دزی سەدەیە"، کە ئاماژەیە بۆ بردنی 3.7 تریلۆن دینار باج! سەرۆکوەزیران بۆ خۆی گوتارێکی لە تەنیشت بەشێك لەو پارە دزراوانە پێشکیشکرد کە حکومەت دەڵێ گەڕاندوومانەتەوە گوتی:[3] "بەشێک لە پارە دزراوەکانی پارەی باج بە هەوڵی دڵسۆزان گەڕێندرانەوە[4]". هەڵبەت تاوەکو ئێستا کۆی پارە گەڕێندراوەکان گەیشتووەتە سەروو 317 ملیار دینار، بەڵام کۆی پارە دزراوەکە 3.7 تریلۆن دینارە. واتە تەنیا رێژەی 11%ی گەڕێندراوەتەوە و، چارەنووسی 89%ی پارەکە دیار نییە.

لەلایەکی دیکەوە، پێویستە ئەوەش لەبیر نەکەین کە رووبەڕووبوونەوە یان شەڕی گەندەڵی لە هەموو کابینەکانی عێراق باسکراوە و سوودانی یەکەم سەرۆکوەزیران نییە کە لیژنەی باڵای رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی دابنێت، بۆ نموونە مالیکی "ئەنجومەنی هاوئاهەنگی هاوبەشی دژ بە گەندەڵی درووستکرد"، بەڵام رکابەرە سیاسییەکانی گەندەڵییەکانی سەردەمی هەردوو خوولی سەرۆکایەتی مالیکی وەك نموونەیەك بۆ دژایەتیکردنی ئەو بەکاردەهێنن. حەیدەر عەبادی " ئەنجومەنی باڵای بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی" دامەزراند، کە یەدەگی دراوی عێراقی گەیاندە نزمترین ئاست لە مێژووی خۆیدا. دواتر عادل عەبدولمەهدی لیژنەیەکی باڵای دامەزراندەوە، ئەمیش خەریک بوو لەسەر گەندەڵی دادگایی بکرێت و، مستەفا کازمی "لیژنەی باڵای دژە گەندەڵی" راگەیاند بەڵام ئیستا راپۆرتی لێژنەی دەستپاکی باس لە تیوەگلانی نوسینگەکەی لە دزی سەدە دەکات. هەڵبەت ئەمەی کازمی "بەهۆی سەرپێچیکردنی دەستوورییەوە" لەلایەن دادگای باڵای عێراقەوە راگیرا.

خـاڵیکی دیکـەی سـەرنجڕاکێش لـە کـەیسـی گـەنـدەڵی عێـراق پەیوەسـتە بـە سیسـتمەکەوە، لەکاتێکـدا هەمـوانیش پێکهێنـەری سیستەمەکەن. هەربۆیەش نوێنەری یۆنامی لە عێراق دەڵێت "گەندەڵی بەربڵاو و سیستەماتیک یەکێکە لە ئاڵینگارییە هەرە گەورەکان کەڕووبەڕووی عێراق بووەتەوە. تێچووی ئابووری و کاریگەری نەرێنی لەسەر سەقامگیری و خۆشگوزەرانی لە رادەبەدەرە، چونکە دەبێتە مایەی لاوازکردنی پێشکەوتن و بێبەشکردنی هاوڵاتیان لە مافەکانیان و بێهیواکردنی وەبەرهێنانی دەرەکی و بردنی ناڕەوای ئەو سەرچاوانەی کە بۆ خەڵک پێویستن... بەداخەوە کەیسی هەرە بەنیوبانگی گەندەڵی لە عێراق کە بە "دزی سەدە" ناسراوە، دوایەمین گەندەڵی نابێت[5]"!

دەستپێشخەرییەکەی وەزارەتی دارایی بۆ نیشاندانی ژمارەکان بە ئۆنلاین، لەکاتێکدایە کە سەرۆکوەزیرانیش رۆژ بە رۆژ بڕیاری زیاتر لەوبارەیەوە دەردەکات، بەڵام دەبێت چاوەڕوان بین بزانین لەم قۆناخەدا چ روودەدات، چونکە کابینەکەی مستەفا کازمی بە کاخەزی سپی دەستپێکرد و بە دزی سەدە کۆتاییهات.

## داوایەکی بانکی جیهانی  بۆ گەشەکردنی سەوز لە عێراق

رۆژی 13ی کانوونی یەکەمی 2022، بانکی جیهانی لە راپۆرتێکی نوێدا داوای لە دەسەڵاتدارانی عێراق کرد تاوەکو 2040 بە بڕی 233 ملیار دۆلار وەبەرهێنـان لـە رێگاکـانی "گەشـەکردنی سـەوز  بکـەن بـۆ ئـاشتکردنەوەی ئامانجـەکـانی گەشـەسـەندنێکی بـەردەوام و پاراسـتنی کەشوهەوا[6]". بەپێی راپۆرتە 87 لاپەڕەییەکەی بانکی جیهانی کە بەناونیشانی "کەشوهەوای عێراق و راپۆرتی پەرەپێدان" بڵاوکراوەتەوە، "لـە عێـراق قـەیرانی کەشـوهەوا، مـۆدێلی گەشەسـەندنێکی پشـت بەسـتوو بـە نـەوت و لاوازکـردنی توانـای مرۆیـی و دامـەزراوەیی و، دابەشبوونێکی کۆمەڵایەتی قووڵ و نایەکسانیی گەورە، پێکهێنەری گەردەلوولێکی تەواون لەدژی گەشەسەندنەکان. هەروەها، عێراق لەنێو ئەو وڵاتانەدایە کە زۆر لاوازن بۆ گۆڕانی کەشوهەوا، ئەویش لەڕووی رووبەڕووبوونەوە (فیزیکی) وەک بەرزبوونەوەی پلەی گەرما، کەمبوونەوەی ئاو و رووداوی لەناوکاو، لە هەمان کاتیشدا لەڕووی داراییەوە، چونکە پشت بەنەوت دەبەستێت. کاتێک جیهان بەرەو نیت زیرۆ دەڕوات و نەوت رۆڵی خۆی وەک کاڵایەک لە ئابووری جیهان لەدەستدەدات " ئەوکات لاوازییەکان بەڕوونی دەردەکەون. "

داواکەی بانکی جیهانی هێندەش قورس نییە بۆ بڕیاربەدەستانی عێراق، چونکە بۆ ماوەی 18 ساڵ تەنیا وەبەرهێنان لە ئابوورییەکی سەوز یاخود گەشەکردنی سەوز دەکات، واتە وەبەرهێنان لە وزە نوێبووەکان بەئامانجی پاراستنی داهاتووی عێراق کە رۆژ بە رۆژ بەهۆی لاوازی بۆ گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا بەرەو خراپتر دەڕوات.

پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین، کە ئەوەی بانکی جیهانی داوایکردووە کە عێراق 18 ساڵ وەربەرهێنان لە ئابوورییەکی سەوز بکات، تەنیا پارەی دوو ساڵی داهاتی نەوت، یان چوار ساڵی داهاتی یەک بەرمیل نەوتی 50 دۆلاریی تێدەچێت. هەڵبەت ئێستا چاوەکان زیاتر لەسەر چاکسازییە. هەربۆیەش رۆژی 12ی کانوونی دووەمی 2022 ئەنجومەنی وەزیران لەکۆبوونەوەیەکی نائاسایی رایگەیاند" سەرۆکوەزیران 3 مانگی داوەتە بەڕێوەبەرە گشتییەکان کە لە رۆژی سێشەممەوە دەستپێدەکات، "بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی کارەکانیان. ئەمەش لەسەر ئەو بنەمایەی چەندە بەرنامەی حکومەتیان جێبەجێکردووە. هەروەها شەش مانگی داوەتە وەزیر و پارێزگار و راوێژکارەکانیش، بۆ هەڵسەنگاندنی کارەکانیان[7]".

## نرخی دۆلار، نرخی نەوت و بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان

وەکو لە سەرەوەش ئاماژەمان پێداوە دووبارە ناردنەوەی 200 ملیار دیناری مانگانە بۆ هەرێمی کوردستان،ەو ستراتیژە نیشاندەدات دەدات کە لە کابینەکەی عادل عەبدولمەهدییەوە بۆ هەرێمی کوردستان پێڕەو دەکرێت. ئەویش خەمڵاندنی داهاتەکانی هەرێمی کوردسـتان و دیاریکردنی بەشـە بـودجەکەی لە بـودجەی گشـتی عێراقـە، کـە یەکەمجـار بـە سـەروو 400 مليـار دەسـتپێکرد و دواتـر کەمکرایەوە و دواتر نەنێردرا و دواتریش وەک نەریتێك  پەیوەستکرا بە  رێککەوتن و رەوشی دارایی عێراق و نرخی نەوتەوە. کاتێک پەیوەنـدییەکان بـاشن و رەوشـی دارایـی عێـراق بـاشە دەنێردرێـت، بەڵـام کـاتێک نرخـی نـەوت بـەرز دەبێتـەوە رادەگیرێـت و دەسـت بـە کۆبوونەوەکان دەکرێتەوە، هەروەها کاتێکیش پەیوەندییەکان خراپە نەک نانێردرێت بگرە هەوڵی بڕینی سەرچاوەکەی دیکەی هەرێمی کوردستان دەدرێت کە لە نەتەوە دێت وەکو لە نۆ مانگی 2022 بە کردەوە بینیمان. کەواتە بەشێوەیەک لە شێوەکان، هەر لە ئێستاوە دیارە پشکی هەرێمی کوردستان چۆن دەبێت.

هەروەها نرخی بەرمیلێک نەوت لە پرۆژە بودجەدا کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر کۆی پێکهێنەرەکانی پرۆژە بودجەکە دەبێت، چونکە ئەگەر نرخی نەوت بە 10 دۆلار کەمتر  یان زیاتر لە تێکڕای نرخی 2023 دابنرێت ئەو سەرڕێژ یان کورتهێنانی گەورە دەخاتە بودجەکەوە،

ئەمەش لەبەرئەوەیە کە 95% ی داهاتی عێراق لە نەوتەوە دێت. بۆ نموونە ئەگەر عێراق رۆژانە بەتێکرا 4 ملیۆن بەرمیل نەوت هەناردە بکات لە 2023دا و، نرخەکەیشی 10 دۆلار کەمتر بێت لەو نرخەی کە لە بودجەکەدا هاتووە، واتە نزیکەی 14.52 ملیار دۆلار کورتهێنان روودەدات یان بەپێچەوانەوە.

پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین، لەوانەیە خوێندنەوەی پەرلەمانتارانی عێراق، بەتایبەتیش لیژنەی دارایی لەسەر ئاسۆی نرخەکان لە 2023 راست دەرنەچێت، وەك نموونەی پرۆژە بودجەکانی ساڵانی رابردوو، کە نرخی نەوت بەشێوەیەک دانراوە و دواتر نەک نزیک نەبووە بگرە جیاوازییەکەی 180 پلە بووە، بۆ نموونە لەساڵی 2021دا لە پرۆژەیاسای بودجەدا نرخی بەرمیلێک نەوت بە 45 دۆلار جێگیرکرا، بەڵام تێکرای نرخی بەرمیلێک نەوتی برینت لە 2021دا گەیشتە 70.86 دۆلار. لێرەدا پرسی سارەزابوون یان ناشارەزایی پەرلەمانتارانیش لەسەر ئەو بابەتانە فاکتەرێکی گرنگە کە دەبێ لە پێش چاو بگیردرێت.

لایەنی سێیەمی و هەرە گرنگی پرۆژەی بودجە، کە لەراستیدا خاڵێکی زۆر گرنگە، نرخی دۆلارە بەرامبەر دینار. کابینەکەی مستەفا کازمی زیرەکانە و بوێرانە نرخی یەک دۆلاری بەرامبەر بە دینار لە 1118 دینارەوە کردە 1145 دینار، واتە دیناری عێراقی بەهای بەرامبەر دۆلار کەمبووەوە، بەڵام یەدەگی بانکی ناوەندی عێراقی گەیاندە ریکۆردێکی نوێ و قۆناخێکی سەختی ئابووری عێراقی لە داڕووخان رزگارکرد.

هەروەها، لەکاتی کەمکردنەوەی بەهای دیناری عێراقی بەرامبەر دۆلاری ئەمریکی بانکی ناوەندی عێراق رایگەیاندبوو کەوا " هەر یەك جار بەهای دیناری دەستکاریدەکرێت"، بەڵام ئەمە کۆتایی بەو چیرۆکە ناهێنێت کەوا نرخی دینار بەرامبەر دۆلار چی لێدێت؟ چونکە ماوەیەک پێش ئێستا نوری مالیکی داوایکرد کە نرخی دۆلار بەرێژەی 5.5% بەرامبەر دینار بەهاکەی دابەزێت، واتە 1 دۆلار بە 1375 دینار بێت نەوەکو 1450 دینار، ئەم جۆرە لێدوانانە و برێ خستنەڕووی رۆژانەی دۆلار کاریگەری لەسەر بەهای دیناری عێراقی دەبێت. بەشێوەیەک ئێستا (15-12-2022) نرخی 1 دۆلار 1552 دینار تێپەڕاندووە، ئەمەش ناسەقامگیرییەکی گەورەی لە بازاڕ درووستکردووە و، ئەگەر بەمشێوەیە بەردەوامبێت ئەوا هەڵئاوسان ریکۆردێکی نوێ تۆمار دەکات.

لەڕاستیدا، دەستکاریکردنی بەهای دینار بەرامبەر دۆلار کاریگەری تەواو لەسەر نرخەکان دادەنێت، هەربۆیەش هەندێک چاوەڕوانن لەکاتی گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی بودجەی 2023 مشتوومڕێکی دیکە لەمبارەیەوە درووست بێت.

## کۆتایی

دەبێت چاوەڕوانی گۆڕانکارییەکی گەورە لە پرۆژە بودجەی 2023 عێراق نەکەین، ئەویش بەهۆی پێکهاتەی سیستەمی عێراق و هێزە پێکهێنەرەکانی. هەروەها لەبەرئەوەی بەپێی راپۆرتەکانی شەفافیەتی نێودەوڵەتی، لەڕووی گەندەڵییەوە عێراق لەماوەی یەك دەیەدا تەنیا 5 پلە سەرکەوتووە، ئەویش لە 18 پلەوە لە 2012 گەیشتووەتە 23 پلە لە 2021 و، لە نێو 180 وڵاتی جیهاندا، لە ریزبەندی 157مین دایە[8].

چیرۆکی پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەکە و چیرۆکی پشکی وەزارەت و پرۆژە خزمەتگوزارییەکان، دوای جێگیرکردنی نرخی نەوت، تەنیا بە ژمارە دووبارە دەبێتەوە. هەروەها، گفتوگۆکانی ئەم پرۆژە بودجە مێژوویە لەکاتێکدایە کە بەپێی داتاکانی وەزارەتی پلاندانانی عێراق هەژاری لەنیو یەک ملیۆن منداڵانی کارکەر دا لە عێراق گەیشتووەتە 38%. بەگشتیش هەژاری لە عێراق 25%ە، واتە لە هەر چوار عێراقییەک یەکێکیان هەژارە! ئەمەش لەکاتێکدا ئەمڕۆ زیاتر لە 60% دانیشتوانی عێراق لەخوار 25 ساڵەوەیە و ساڵانە 700 هەزار گەنج پێدەگەن و دێنە بازاڕەوە.

لەکۆتاییدا، دەبێت چاوەڕوان بین و بزانین چیرۆکی پرۆژە بودجەی 2023 عێراق، دووبارە بوونەوەی ژمارەکانی رابردووە یان گۆڕانکاری بنەڕەتی لەبودجەی بەکارخستن و وەبەرهێنان دەکات و ئامۆژگارییەکانی بانکی جیهانی و سندوقی نەختینەی نێودەوڵەتی لەبەرچاو دەگرێت یان نا. هەرچەندە پرسیاری ئێستای شەقامی عێراقی و کوردی داهاتووی بەهای دینارە، چونکە پەیوەستە بە بژێوی و توانای کڕینی رۆژانەیان.

---

http://www.mof.gov.iq/obs/ar/Pages/default.aspx [1]

file:///C:/Users/Mahmood/Downloads/Inyear%20Report%20October%202022.pdf [2]

---

[3] https://www.rudaw.net/sorani/business/271120225

[4] https://www.rudaw.net/sorani/business/271120225

[5] https://reliefweb.int/report/iraq/message-jeanine-hennis-plasschaert-un-srsg-iraq-international-anti-corruption-day-9-december-2022-enkuar

[6] https://www.worldbank.org/en/news/press-release/2022/12/13/iraq-economic-diversification-is-urgent-to-reconcile-development-goals-and-climate-ambition

[7] https://www.rudaw.net/sorani/middleeast/iraq/13122022

[8] کە ڕێزبەندییەکە بەشێوەیەکە کەوا پلەی 1 گەندەڵ نییە، 180مین گەندەڵترین.